# لە نێوانی (٦٠)ساڵدا، دوو هونەرمەندی کورد

ڕەنگە بەر لە هەر شتێك، ئێمەی ڕەخنەگرانی بوارەکە باوەڕمان وا بێت، کە هونەری شێوەکاری بەشێکی گرنگ و کارایە لە گوتاری دیدەیی و زمانی ستاتیکا و جوانی. نەك هەر ئەوە، بەڵکوو پێشمان وایە هونەری شێوەکاری کرۆك و گرێژەنەی ستاتیکایە. هونەرمەندی شێوەکاریش هەردەم بەشێکە لە مێژووی ئان و ساتی ژینگە و جوگرافیاکەی خۆی. بۆ گەلێکی وەك کورد، کە لە حاڵەتێکی تایبەتمەندی مێژوودا دەژی، هونەرمەندانی شێوەکاری ئەم گەلە پەیوەست بە هەلومەرجی تایبەت دەبن. ئەو هەلومەرجەش چێوە و سنوورێك بۆ گوتاری جوانی ئەوان دیاری دەکات.

قسە تا وابەستە بە نموونەی ڕاستەقینەی و چیرۆکەکانی ژیانی نەکەین، ڕەنگە هێندە لە تەلی زەینی خوێنەر و بیسەر نەدات. جا بۆ پیشاندانی شان و شکۆی ئەو هونەرە و ڕەنجی مرۆییانە و نەتەوەییانە و نیشتمانیانەی بەشێك لە هونەرمەندانی شێوەکاری کورد، پەنا بۆ هێنانەوەی دوو نموونە دەبەم. لەم دوو نموونەیەدا کە نێوانیان (٦٠) ساڵی تەواوە، دەردەکەوێت کە شێوەکارانی کورد چ تێکۆشانێکی بەرزیان کردووە، لە چ پێگەیەکی باڵای قسە کردندان بە زمانی ستاتیکا. هەردوو نموونەکەش پەیوەستن بە دوو چالاکیی هونەرییەوە، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٥٧دا لە شاری سلێمانی بووە، دووەمیشیان لە ساڵی ٢٠١٧دا لە شاری ئەستەنبووڵ ڕووی داوە.

نموونەی یەکەمیان نووسینێکی هونەرمەندی پێشەنگ جەمال بەختیارە (سلێمانی- ١٩٢٥)، ڕۆژی ١٩٥٧/٧/١٢ لە دەفتەری پیشانگایەکی تایبەت بە قوتابیان، کە هونەرمەندی پێشەنگ ئازاد شەوقی سەرپەرشتیی کردووە، نووسیویەتی. پیشانگاکە لە ڕۆژانی (٦ تا ١٩٥٧/٧/١٣) لە سلێمانی کراوەتەوە. وا دیارە جەمال بەختیار ڕۆژی ٧/١٢ سەردانی پیشانگاکەی کردووە، بە ناونیشانی (من هونەرپەرستم) ئەم سەرنجانەی دادێی لە دەفتەری پیشانگاکەدا نووسیویەتی:

«ئێمە ئەمانەوێ هونەری وێنە لە سولەیمانیا و وڵاتەکەمانا ڕێگایەکی تەعبیریی تایبەتی هەبێ و شێوەیەکی ناسراوی هەبێ لە ژیان، سروشت و جەو و ئادەمیزاد بە مەشاکیل و مێژوویەوە. لە ئەنجاما ئەبینرێ ئەو سەرچاوەیەی کە ڕەوشتی تازەمانی تیا هەڵ ئەقوڵێ بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی کوردیی تایبەتی لە وێنەدا، چۆن جێگایەکی مناسب بۆ خۆی داگیر ئەکا لە قوتابخانە عالەمییەکانی وێنەی دەستا..! زۆر زۆر سپاسی برای خۆشەویستم کاکە ئازاد گیان ئەکەم، بە مناسەبەتی پیشانگەی قوتابیانەوە.»

لەم سووکە سەرنجەی جەمال بەختیار بەر لە (٦٠) ساڵ لە بارەی ئەرك و پەیامی هونەری شێوەکارییەوە نووسیویەتی، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو پێی وا بووە دەبێ هونەری شێوەکاریی کوردی ڕێچکە و ڕێبازی تایبەت بە خۆی هەبێت، کە بتوانێ باش لە ژیان و سروشت و کەش و مرۆڤی کوردستانی، بە کێشە و مێژوویەوە بگات. پاشان ستایلێکی کوردی لە بواری شێوەکاری دابمەزرێت. ئەو باوەڕی بە هەبوونی قوتابخانەیەکی کوردی و تایبەتی شێوەکاری هەبووە، ئەم قوتابخانەیەی هونەری شێوەکارییش دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ پیشاندانی سیمای شارستانیەت و کولتووری کوردەواری، کە ئەو ناوی ناوە (ڕەوشتی تازەمان)، واتە ژیار و شارستانیەتی نوێی کوردستان.

بابەتی دووەمیش پەیوەستە بە پرۆژەیەکی هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد گونەشتەکین. ئەم هونەرمەندەی باکووری کوردستان هونەرمەندێکی جیهانییە. پێشتر لە بارەی (گونەشتەکین)ـەوە بابەتێکم هەر لە (گوڵان)دا بڵاو کردەوە. گوتاری دیدەیی ئەم هونەرمەندە لە ئاستێکی باڵادایە. ئەو داهێنەری شێواز یان قوتابخانەیەکی نوێیە لە مێژووی هاوچەرخی هونەری شێوەکاریدا. واتە ئەو خواستەکەی جەمال بەختیاری بەدی هێناوە. لە داڕشتنی تابلۆ و جێبەجێ کردنی پرۆژەی هونەریدا، ئایدیا



تاریق کارێزی

و بیرۆکەی زۆر بەرز دەخاتە روو. دواترین پرۆژەی هونەریی ئەو بریتی بوو لە گەورە دیواربەندی (کوستانتینی)، کە لە یەکێ لە مۆڵەکانی شاری ئەستەنبووڵ جێبەجێی کرد.

پرۆژە دیواربەندەکەی هونەرمەندی کورد ئەحمەد گونەشتەکین رووبەڕووی نارەزاییەکی کەسانی توندڕەوی ئایینی و رەگەزپەرستی تورك بووەوە. ئەم هونەرمەندە دەڵێ «بەرانبەر بە هونەر، لە تورکیادا زۆر کەم لێبوردەیی هەیە.» ئەو پێی وایە «هەندێك لەبەر ئەوەی هونەرمەندێکی کوردستانیم، دەبینی زۆر توندڕەوانە هەڵسوکەوتم لەگەڵدا دەکەن.» ئەم هونەرمەندەی باکووری کوردستان نایشارێتەوە، کە گەلێك کەسیش هەن رێز لە هونەرەکەی دەگرن، بەڵام دیواربەندە مەزن و رەنگینەکەی ئەو (کوستانتینی)یان لا برد، کە لە ١٣ پارچە (نامە)ی مەزن پێك دێت. ئەم دیواربەندە مەزنە تەنیا دوای پێنج کاژێر لە دانانی، لە نێو شاری ئەستەنبووڵ لا درا.

بەهانەی لادانی دیواربەندەکەی گونەشتەکین ئەوە بوو، هەندێ کەسی توندڕەو دروشمی ئەوەیان گوتەوە، کە شاری ئەستەنبووڵ لەساڵی ١٤٥٣وە، کە لە لایەن تورکی عوسمانییەوە داگیر کراوە، هەر ناوی ئەستەنبووڵ بووە. پێشتریش کەناڵێکی ئاسمانیی رەوت ئیسلامی هەڕەشەیەکی توندی کرد، سەبارەت بەوەی ناوی ئەستەنبووڵ بە ئیمپراتۆریەتی بیزانسییەوە گرێ بدرێت، هەرچەندە پەیڤی ئەستەنبووڵ (ئیستەنپولین: ئیستانپولین) بۆ خۆی پەیڤێکی تورکی نییە، بەڵکوو دەستەواژەیەکی بیزانسیی یۆنانییە، واتاکەشی «بەرەو شار: لە نێو شار»ە. روونتر بڵێین، ئەگەر کوستانتینا ناوێکی بیزانسی بێت، خۆ ئەستەنبووڵیش هەر ناوێکی بیزانسی یۆنانییە، نەك تورکی.

هەر لەم رووەوە، هونەرمەندی کورد گونەشتەکین دەڵێ «ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سەرگەرم لە تورکیا هەن، ئەوان نە کتێب و نە مێژوو دەخوێننەوە، تەنانەت بە بیر و باوەڕی خۆشیان ئاشنا نین، بە واتای ئەوان نە رێز لە فەرموودەی پێغەمبەر و نە رێز لە قسەکەی سوڵتان محەمەد فاتیح دەگرن، دەشڵێن ئێمە نەوەی عوسمانییەکانین.»

گونەشتەکین هەر لە هەولێرەوە بیگرە تا دەگاتە نیویۆرك، وەك هونەرمەندێکی جیهانی تابلۆ و بەرهەمەکانی نمایش کراون، دەشڵێ فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د خ) هەیە تێیدا مژدەی فەتحکردنی ئەستەنبووڵ لە ئایندەدا لە سەر دەستی موسڵمانێك داوە.

ئەم هونەرمەندە کوردە روونیشی دەکاتەوە، کە ناوی کوستەنتینە بە درێژایی سەردەمی عوسمانی بە شێوەیەکی فەرمی بۆ پایتەختی خەلافەتی عوسمانی بەکار هاتووە، لە سەر دراوی عوسمانیش دەنووسرا (سکەی کوستەنتینە) یە. لە سەردەمی راگەیاندنی کۆماری تورکیادا بوو کە کوستەنتینە وەلا نرا و ئەستەنبووڵ جێگیر کرا.

ئاشکرایە، نەتەوەی بێ سەروەری هونەرەکەشی لە بن باری هەڕەشەدا دەبێت. بۆ ئەوەی شکۆی هونەری کوردی و شێوەکارانی کوردستان نەشکێ، پێویستە قەوارەیەکی سەربەخۆی سیاسی هەبێت، ئاڵای نیشتمانی تێدا بشەکێتەوە، شکۆی هونەریشی تێدا رابگیرێ.





کیرا نایتلی:

## بەهۆی ناوبانگم تەندروستیی قژم تێکچوو

# وینسلت ڕووبەڕووی هێرشێکی ژینگەپارێزان دەبێتەوە

بەم دواییە خانمە ئەکتەری ناسراوی بەرتیانی کیت وینسلت ڕووبەڕووی هێرشێکی توندی ژینگەپارێزان و چالاکانی بواری ژینگە بووەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی جارێکی دیکە رایگەیاند بە نیازە دیوارێکی دەریایی گەورە لە دار دروست بکات بە درێژایی ٥٠٠ مەتری چوارگۆشە بۆ پاراستنی ماڵی خۆی.

کیتی تەمەن ٤٢ ساڵ لە ساڵی ٢٠١٥ رایگەیاند بە نیازە بۆ پاراستنی ماڵی خۆی لە نغرۆ بوون و خوران دیوارێك درووست بکات بە دار کە بڕی ٤،١ ملیۆن جونەیهی ئیسترلینی تێدەچێت،بەڵام بە هۆی هێرشی چالاکوانانی بواری ژینگە وازی لەو بیرۆکەیە هێنا، بەڵام لەم رۆژانە دووبارە دووپاتی کردەوە کە دیوارەکە تەواو دەکات، چالاکوانانی بواری ژینگە کیت بە هەرەشە کردن لە ژیانی زەریاکان تۆمەتباریان کرد و داوایان لێکرد واز لەو بیرۆکەیە بهێنێت و ئەگەر بەردەوام بێت لەو کارە ئەوا دەست بە خۆنیشاندان دەکەن دژی کیت و هەڵمەتێکی بەهێزیش دەست پێدەکەن لە میدیاکان.

کیت کە لەگەڵ هاوسەر و سێ منداڵەکەی لە خانووەکی گەورەدا دەژین رایگەیاند: کارەکانی هیچ هەرەشەیەك لەسەر ژینگە درووست ناکات و بەگوێرەی مەرجەکانی ژینگە و تەندروستی دەبێت و بە نیازە داری بەڕوو بەکار بهێنێت لە درووستکردنی ئەو دیوارە بۆیە پێویست ناکات چالاکوانانی ژینگە نیگەران بن، هەروەها پێویستە خانووەکەی خۆم لە مەترسییە سروشتییەکان بپارێزم.

## دی کرۆز بیری لە خۆکوشتن کردۆتەوە



خانمە ئەکتەری ناسراوی بەریتانی کیرا نایتلی لە میانەی کاروانی هونەری بەردەوامی دوور و درێژیدا بەوە ناسراوە کە بە گۆڕینی لۆکی قژی جەماوەر و هەوادارانی سەرسام دەکات، ئەوەش هۆکارەکەی زیاتر بۆ ئەو رۆڵانە دەگەڕێتەوە کە پێی دەسپێردرێ.

نایتلی هەندێك جار بە قژی درێژ دەرکەوتووە کە دواییینیان رۆڵی لە فیلمی ("Pride And Prejudice")، بەڵام لە زۆر رۆڵەکانی بە قژی کورت بووە، لەم بارەوە نایتلی لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری (In style) دەڵێ: باجی ناوبانگ و رۆڵە سەرنجڕاکێشەکانم زۆر داوە و بەشی زۆریشی قژم بووە، چونکە ئەو رۆڵانەی بە من سپێردراون کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر تەندروستی قژم هەبوو و بووەتە هۆکاری کەوتنی و کەم بوونەوەی، من ناچار دەبووم هەمیشە رەنگی قژم بگۆڕم و تا ئێستا پێموایە قژم بە هەموو رەنگەکان رەنگ کردووە، ئەم بۆیە بەردەوامەش دەبێتە هۆی لاواز کردن و رووتانەوەی قژم.

نایتلی هەروەها دەڵێ: هەستێکی ناخۆش و بێزارکەر بوو کاتێك بینیم قژم هێواش هێواش لاواز دەبێت، بۆیە ناچار بووم لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوو بارۆکە بەکار بهێنم لە رۆڵەکانم ئەمەش باشترین کار بوو لە ماوەی رابردوودا ئەنجامم دابێت.

ئاماژەی بەوەش کرد کە لە دایکبوونی منداڵەکەی لە ساڵی ٢٠١٥ یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ دووبارە ژیاندنەوەی قژی و ئێستا خەریکە دووبارە قژی بەهێز دەبێتەوە.



زۆر لە ئەکتەرە ناسراوەکان هەمیشە دووچاری حاڵەتی سەختی دەروونی دەبنەوە بە هۆی گرفت و ئاستەنگ لە ژیانیاندا، یان بە هۆی هەستکردن بە تەنیایی و چەند حاڵەتێکی دیکەوە کە رووبەڕوویان دەبنەوە و زۆر جار دەگاتە ئاستی خۆکوشتن، یان بیر کردنەوە لە خۆکوشتن.

خانمە ئەکتەری هیندی ئەلیانا دی کروز یەکێکە لەوانە کە تووشی ئەم حاڵەتە بووەتەوە و لەم بارەوە رایگەیاند: بە هۆی تووشبوونم بە خەمۆکی و چەند حاڵەتێکی دیکەی جەستەیی زۆر جار بیرم لە خۆکوشتن کردۆتەوە و زۆر جاریش ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە جەستەی منەوە هەبووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و قبووڵکردنم بە جەستەی خۆم باری دەروونیم باشتر بووە و ئەم بیرۆکەیەم بە لاوە ناوە.

ئەلیانا بەشداری لە ٢١یەمین کۆنگرەی تەندروستی عەقڵی کرد کە لە نیودلهی ئەنجامدرا و خەڵاتێکی تایبەتی پێشکەش کرا لە ئەنجامی هەوڵەکانی بۆ وشیارکردنەوە لە نەخۆشییە دەروونییەکان لە میانەی کۆنگرەکە.

بەم بۆنەیە وتی: من ئێستا کەسێکی زۆر وشیارم و تەنیا دەمەوێ لەلایەن دەوروبەرم بە گشتی قبووڵ بکرێم، هەروەها بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی دایکم بکەم کە گەورەترین پاڵپشتم بوو، ئەگەر پاڵپشتیی بەردەوام و هاندانی ئەو نەبوایە دوور نییە کۆتاییم بە ژیانی خۆم بهێنابایە.

ئەلیانا یەکەم جار لە ساڵی ٢٠١٢ بەشداری لە فیلمێکدا کرد لەگەڵ هەر یەکە رانبیر کاپوور و بریانکا شوپرا، هەروەها لە فیلمەکانی دیڤاداسو و بۆکیریش رۆڵی هەبووە.

## چۆپی فەتاح:

# لە نێو پاسێک گۆرانیم گوت و لەوێش دەستم پێکرد



*** ئەو کاتەی لە ژینگەیەکی کوردستانییەوە رووتان کردە ژینگەیەکی ئەورووپی بەتایبەتی هۆڵەندا کە بە وڵاتی گوڵ و جوانی ناسراوە، ئەم دوو ژینگەیە چۆن لە زهنی تۆدا بەراورد دەکرێت؟**

- بەراوردەکە خۆشی و ناخۆشیی هەیە، ئەو کەسانەی کە لە کوردستان ماونەتەوە و رایان نەکردووە، رەنگە ئەو ناخۆشییانە نەبینن کە لە دەرەوە هەیە، بۆ نموونە من و براکەم کە گوێمان لە دەنگی هەلیکۆپتەر دەبوو، ئەم دەنگە ئێمەی دەترساند و لە ژێر مێز خۆمان دەشاردەوە، هەروەها لە چەند ساڵی یەکەممان لە هۆڵەندا کە لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵان یاریی ئاگرینیان دەتەقاندەوە، کە گوێمان لێ دەبوو دەترساین و واماندەزانی دەنگی تەقەیە، بەڵام خۆشییەکان ئەوە بوو کە تۆ دەچیتە وڵاتێك لە هەموو روویەکەوە سەلامەتی.

*** کاتێك لە نێو بیست منداڵا سۆلۆیان داوەتە و لەوێوە پێت دەڵێن هونەرمەند هەستت چی بوو؟**

- پێش ئەوەی دەست بکەم بە گۆرانی بە زمانی کوردی لە کۆرسێك هەموومان منداڵ بووین، هەموومان جلوبەرگمان وەکو یەك بوو، ناوە بە ناوە سۆلۆیان دەدا بەو منداڵانەی دەنگیان خۆش بوو، خۆشبەختانە منیش سۆلۆم بە زمانی هۆڵەندی وت، ئەو کات بە زمانی ئینگلیزی نەموت.

*** چۆن و کەی دەستت بە گۆرانی وتن کرد؟**

- دەتوانم بڵێم لە نێو پاسێکدا دەستم بە گۆرانی وتن کرد، بەرەو ئەڵمانیا دەڕۆیشتین بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانێکی کوردان، بۆیە حەماسێکی زۆر لە ناو پاسەکەدا دروست ببوو، هەر لە نێو پاسەکەدا هونەرمەند جەواد مەروانی کە هونەرمەندێکی باکووری کوردستانە و هەر ئەویش بوو دەستی گرتم و منی هێنایە نێو بواری هونەرەوە، لە نێو پاسەکەدا وتیان کێ دەنگی خۆشە با بێتە پێشەوە،



**چۆپی فەتاح یەکێکە لەو خانمە هونەرمەندە کوردانەی کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا توانیویەتی لە نێو گۆڕەپانی هونەری کوردیدا وەك ناوێك دەربکەوێت و بوونی خۆی وەك هونەرمەندێکی سەرکەوتوو بسەلمێنێت، جگە لە زمانی کوردی، بە زمانەکانی ئینگلیزی و هۆڵەندیش گۆرانی وتووە و تا ئێستا خاوەن چەندین ئەلبوومە، لەم دیمانەیەدا چۆپی باس لە چەند لایەنێکی تایبەت بە ژیانی خۆی و چۆنیەتی هاتنی بۆ نێو بواری هونەر دەکات.**

**دیمانە/ زیاد کەریم**

کە چووم و گۆرانیم وت کاك جەواد وتی بە راستی دەبێ بچیت بۆ تەلەفزیۆن و گۆرانی بڵێی، هەر ئەوەش وایکردووە کە زۆربەی دۆیتەکانم لەگەڵ کاك جەواد کردووە بەتایبەتی لە ئەڵمانیا.

*** زۆر پرسیار لە نەشتەرگەری تۆ دەکەن، دەڵێن لووت و لێو و چەناگەی هەموو نەشتەرگەری جوانکاری بۆ کراوە، حەز دەکەین لە زاری خۆتەوە بزانین چەندی راستە؟**

- ئەوەی لەو بارەوە دەگوترێت کەمی راستە و زۆری راست نییە، ئەوەی من نەشتەرگەریم بۆ کردبێت تەنیا لووت و ددانمە، چونکە منیش وەکو زۆربەی زۆری خانمەکان پێمخۆشە جوان بم، بەڵام نە لێوم کردووە، نە روومەتم، رەنگە لەبەر ئەوەی ددانم کردووە، تۆزێك لێوم بەرز بۆتەوە، ئەوەی راستی بێت من خۆم رازیم و دڵیشم پێیخۆشە.

*** ئامۆژگاریت بۆ کچە هونەرمەندەکان چییە کە گرنگییەکی زیاد بە مکیاژ دەدەن لە بۆنە و بەرنامەکان؟**

- هەموو کەسێك گرنگی دەدات بە شێواز و روخسار و جلوبەرگی خۆی هەر یەکە بەشێوازی خۆی، من هەموو مکیاژ و کەرەستەکانی جوانکاریم لە ناو جانتایەکی بچووکدا هەڵدەگرم چ لە ژیانی ئاسایی رۆژانە یان لە کاتی وێنەگرتنی کلیپ و بەرنامەکانیش، من پێم باشە کە گشت خانمانی کورد گرنگی بە خۆیان بدەن، بەڵام نەگاتە ئاستی زیادەڕۆیی، بەتایبەتی کە گەنج بن، چونکە کچی کورد زۆر جوانە، مەبەستم ئەوە نییە کە کاری ئارایشتگاکانی کوردستان جوان نییە، بەڵام حەز دەکەم کچانی کوردیش فێر بن، خۆیان چۆن خۆیان جوان بکەن.

*** حەز دەکەین بزانین ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە چین کە تۆ بەکاریان دەهێنی و ئایا تا ئێستا تووشی گرفتیان کردوویت؟**

- ئێستا سۆشیال میدیاکان زۆر فراوان بوون، بەڵام پێویستە کە بەکاریان دەهێنی بەردەوام بی لەسەریان، بۆ نموونە ئەگەر ئەکاونتی فەیسبوکت هەبێت، ناکرێ دوو مانگ هیچ هەواڵێك بڵاو نەکەیتەوە، من فەیسبوك و تویتەرم هەیە کە نیشانەی راستی شینەکەی لێدراوە، هەروەها ئەنستگرامیشم کردۆتەوە بە ناوی چۆپی ئۆفیشاڵ کە چەند وێنە و ڤیدیۆیەکم تێیدا بڵاوکردۆتەوە، سناپ چاتیشم هەیە کە تەنیا بۆ کەسە نزیکەکانی خۆمە و دوازدە کەسی لەسەرە. هاوڕێیەکی دڵسۆزیشم هەیە کە چۆپی فاینەکی کردۆتەوە و بەڕێوەی دەبات، منیش وەك زۆربەی هونەرمەندان تووشی کێشەی کردنەوەی ئەکاونت بە ناوی خۆم بوومەتەوە، ئەکاونت زۆرە کە بە ناوی من کراوەتەوە، بەڵام خەڵکیش وردە وردە بۆی دەردەکەوێت کە کامە ئەکاونت هی خۆمە.

*** زۆر باس لە گۆرانی (چۆپیم و چۆپی ئەگرم) دەکرێت و هەوادارێکی زۆریشی هەیە، شێوازەکەی چۆنە و چ پەیامێکت لەو گۆرانییە هەیە ؟**

- چۆپیم و چۆپی ئەگرم گۆرانییەکی هەڵپەڕکێی باشووری کوردستانە، گۆرانییەکی خۆشە و تێیدا باس لە خۆم دەکەم، بیرۆکەی گۆرانییەکە لەوە هاتووە کە من زۆر حەز لە هەڵپەڕکێ دەکەم، بەتایبەتی سەرچۆپی بگرم، لەوەوە بیرۆکەکە دروست بوو، دیارە جەماوەریش زۆری بە دڵ بووە، بەتایبەتی گەنجەکان، ئەمەش مایەی خۆشحاڵی منە .

*** لە سیدییەکەت ئەڤین و دژە ئەڤین هەیە، مەبەست لەو دژە ئەڤینە چییە؟**

- مەرج نییە هەرچی گۆرانییەك لە سیدیت هەبێت دەربڕی هەست و سۆزی خۆت بێت، زۆر جار پێویستە بۆ خەڵکیش گۆرانی بڵێی، بۆیە ئەو تێکستانەی کە من هەڵیدەبژێرم، مەرج نییە حاڵەتێکی تێدا بێت کە بەسەر من هاتبێت، بەڵکو من سەیری خەڵك بە گشتی دەکەم.

*** لە کاتی هەورە تریشقە و باران حەز دەکەی لە کوێ بی ؟**

- پێمخۆشە لە کاتی باران و هەورە تریشقە لە دەرەوە بم.

*** بە حوکمی ئەوەی زۆر حەز لە فیلم دەکەی، بیرت لەوە نەکردۆتەوە وەك ئەکتەرێکی سەرەکی، یان لاوەکی لە فیلمێکدا بەشداری بکەی؟**

- بێگومان بیرم لێکردۆتەوە و داواشم لێکراوە کە لە کاری نواندندا بەشداری بکەم، بەڵام ئەو ئۆفەرانەی هەبوون، زۆر بە دڵم نەبوون بۆیە رێك نەکەوتووە.

**ئەوەی من نەشتەرگەریم بۆ کردبێت تەنیا لووت و ددانمە، چونکە منیش وەکو زۆربەی زۆری خانمەکان پێمخۆشە جوان بم، بەڵام نە لێوم کردووە، نە روومەتم**

**ئەو تێکستانەی کە من هەڵیدەبژێرم، مەرج نییە حاڵەتێکی تێدا بێت کە بەسەر من هاتبێت، بەڵکو من سەیری خەڵك بە گشتی دەکەم.**